سەرۆکی هەرێم بەجیا لەگەڵ باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا وباڵیۆزی فەرەنسا کۆبووەوە

ئەمڕۆ سێشەممە، نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، پێشوازی لەتەماس سیلەر باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا لە عێراق کرد.

نووسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەراگەیەندراوێکدا باڵاویکردۆتەوە" لە کۆبوونەوەیەکدا دەربارەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بیروڕایان گۆڕییەوە و هەردوولا هاوڕا بوون کە بە نوێکردنەوەی شەرعیەت و پرۆسەی دیموکراسی، گرنگ و پێویستە هەڵبژاردن بکرێت. لەمبارەیەوە باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا سوپاس و پێزانینی بە هەوڵەکانی سەرۆك نێچیرڤان بارزانی بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن و چارەسەرکردنی کێشەکانی بەردەمی، دەربڕی.

هەردوولا باسیان لە پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا و گفتوگۆی چارەسەرکردنی کێشەکانیان کرد و باڵیۆزی یەکێتیی ئەورووپا دوایین سەردانی بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانی بە بەغدا و دیدار و کۆبوونەوەکانی لەگەڵ بەرپرسانی باڵای عێراق و هەوڵەکانی بە چارەسەرکردنی کێشەکان بە گرنگ زانی.

بڕەودان بە پەیوەندی بازرگانیی یەکێتیی ئەورووپا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان،

دوایین پێشهاتەکانی ناوچەکە و گرنگیی پاراستنی ئارامی و سەقامگیری، تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.

هەروەها هەر ئەمڕۆسەرێکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ پاتریك دورێل باڵیۆزی فەرەنسا لە عێراق کۆبووەوە و دەربارەی دۆخی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، پەیوەندییەکانی فەرەنسا لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی هەولێر ـ بەغدا، گفتوگۆیان کرد.

لە تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا جەختیان لە گرنگیی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بە بەشداریی هەموو لایەنەکان کردەوە، هەروەها بەرەوپێشچوونەکانی گفتوگۆی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی عێراقیی فیدراڵییان بە ئەرێنی هەڵسەنگاند.

دۆخی ناوچەکە بەگشتی و چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هاوبەش، لایەنێکی دیکەی کۆبوونەوەکە بوو.